

## هاوسەری پێشمەرگەیەکی شەهید:

# هیچ بەڵگەیەکی یاساییم نییە بۆ ئەوەی بتوانم میراتی منداڵەکانم وەر بگرمەوە

هەتا مەودای جیاوازییە رەگەزییەکان بەرینتر بێت، پتر ئافرەتان دەچەوسێندرێنەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی نەریتیدا کە زۆربەی ئافرەتان هێشتا بە مافەکانی خۆیان ئاشنا نین و توانای بەرگریکردن لە خۆیان نییە، هەر ئەوەش وایکردووە پیاوان بە ئاسانی مافەکانیان پێشێل بکەن. بەڵام ئەوەی زیاتر ئازاربەخشە ئەوەیە کە هاوسەری شەهیدێك غەدری لێبکرێت و فەریادڕەسێکی نەبێت. یەکێك لەو ئافرەتانە پەنا بۆ گۆڤاری گوڵان دەهێنێت و دەخوازێت لەم رێگەیەوە دەنگی بە حکومەت و دادگەکانی کوردستان بگات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«من گلەییم لە حزب نییە، پارتی ئەوەی لە دەستی هاتووە، بۆمانی کردووە و دەیکات، بەڵام گلەییم لە ماڵی خەزوورم هەیە، چونکە بە هەموو شێوەیەك غەدریان لە خۆم و منداڵەکانم کردووە. ئەوان دوای چلەی هاوسەرەکەم لە ناوماڵی خۆم دەریان کردم و خۆم و منداڵەکانمیان خستە سەر جادە».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی گەزیزەی تەمەن ٣١ ساڵ بوو. ئەو هاوسەری شەهیدێکی ئەم کوردستانەیە و دایکی چوار منداڵە و بە خەمبارییەکی زۆرەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «هاوسەرەکەم پێشمەرگەی ئاسایش بوو، لە تەقینەوەکەی ١٩-١١-٢٠١٤ لە بەردەم پارێزگای هەولێر شەهید بوو. ئەو کات منداڵی چوارەمم تەنیا سێ مانگی تەمەن بوو. هاوسەرەکەم پێش شەهیدبوونی ئەوەی موڵکمان هەبوو، بە ناوی خوشك و براکانی کردبوو. زەوییەك و دوکانێکمان هەبوو، تاپۆکەی بە ناوی ماڵە خەزوورانم کرد و دەیگوت: من لە هیچ ئیمتیازاتی حکوومی سوودمەند نەبووم، با هیچم بە ناو نەبێت، بەڵکو بتوانم شوقە، یان عەردێك وەربگرم و دواتر خانوویەك دروست بکەم، بەڵام بەداخەوە خوای گەورە ئەو دەرفەتەی پێنەدا و بە دەستی تیرۆریستانی داعش و لە تەقینەوەکەی بەردەم پارێزگای هەولێر شەهید بوو. ماڵی خەزوورم هەر دە پازدە رۆژ دوای شەهیدبوونی هاوسەرەکەم زۆر بە خراپی لەگەڵ من مامەڵەیان دەکرد، تا وای لێهات لە پاش چلەی شەهیدبوونی لە رۆژی ٢٠١٥/٢/١٠ لە ناو ماڵی خۆم دەریان کردم و من و منداڵەکانمیان خستە سەر شەقام».

گەزیزە بە گۆشەیەکی لەچکەکەی فرمێسکەکانی دەسڕێتەوە و بە دەستێکیشی نەوازشی سەری منداڵەکانی دەکات کە لێی خڕ ببوونەوە. کاتێك ئەو پرسیارەمان ئاڕاستە کرد کە بۆچی سکاڵات تۆمار نەکردووە، بۆ ئەوەی مافی خۆت لە رێگەی یاساوە وەربگریتەوە، لە وەڵامدا وتی: «هیچ بەڵگەیەکی یاساییم نییە بۆ ئەوەی بتوانم میراتی منداڵەکانم وەربگرمەوە، ئەوەش وایکردووە ماڵی خەزوورم هیچ حیسابێك بۆ منداڵەکانم نەکەن. لەلایەکی دیکەوە خەسووم دایکی دوو شەهیدە و هەمووان رێزی دەگرن و کەس حەز ناکات ئازاری بدات، تەنانەت جەنابی پارێزگار و پیاوماقووڵان چوون و داوای حەقی منداڵەکانمیان کرد، بەڵام ئەوان ئینکاری دەکەن و دەڵێن ئەو موڵك و ماڵە هەمووی بەناو خۆمانە و ئێمەشیان لێ بێبەری کردووە.»

گەزیزە لە کۆتایی قسەکانیدا سوپاسی وەزیری پەروەردەی کوردستانی کرد بەوەی کە جێگەی دوو منداڵی لە قوتابخانەی شەهید فاخیر مێرگە سووری کردۆتەوە و وەك دوا قسەشی وتی: «پەنام بۆ گۆڤارەکەتان هێناوە تا دەنگم بگاتە سەرۆکایەتی حکومەت و دادگا و بتوانم لە رێگەی ئەو بەڕێزانەوە مافی ئەو جگەرگۆشانە وەربگرمەوە. تەنیا داواشم لە جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە کە لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە ئاگای لە هاوسەرانی گەنجی شەهیدان بێت و هاوکارییان بکات، چونکە ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە هیچ رەحمیان پێ ناکات و ئەگەر پشتیوانێکیان نەبێت، تەنانەت ناتوانن منداڵەکانیان بەخێو بکەن، کە ئەمانەتی شەهیدانن».

تێبینی: ناوەکە خوازراوە و ناوی تەواو و ژمارەی مۆبایلی لە لای گوڵان پارێزراوە.

جەنابی پارێزگار و پیاوماقووڵان چوون و داوای حەقی منداڵەکانمیان کرد، بەڵام ئەوان ئینکاری دەکەن و دەڵێن ئەو موڵک و ماڵە هەمووی بەناو خۆمانە و ئێمەشیان لێ بێبەری کردووە

گلەییم لە حزب نییە، پارتی ئەوەی لە دەستی هاتووە، بۆمانی کردووە و دەیکات، بەڵام گلەییم لە ماڵی خەزوورم هەیە، چونکە بە هەموو شێوەیەک غەدریان لە خۆم و منداڵەکانم کردووە



گوڵان: کۆمەڵایەتی



# حکومەت لە گرنگیدان بە وەرزشی ئافرەتان کەمتەرخەمە

لەگەڵ ئەوەی وەرزش هێما و هۆکارێکی گشتییە بۆ تەندروستیی مرۆڤ و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بووەتە نەریت و بە بێ جیاوازی رەگەزی، بایەخی تەواوی پێدەدرێ و وەرزشکردن تێکەڵی ژیانی رۆژانەی تاك بووە، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا هەنوکەش وەرزش مۆرکێکی نێرینەی بە بەردا کراوە و ئافرەتان بە هۆکاری جیاواز و بە هۆی بەربەستی جۆراوجۆر، بە دەگمەن خۆیان لە قەرەی وەرزشکردن دەدەن. لەو بوارەشدا گەرچی لە شوێنە گشتییەکانی زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و بەتایبەتی لە ناو پارکەکان کەرەستە و ئامێرەکانی وەرزشی دانراون، بەڵام ئافرەتان بەهۆی ئایین و کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگە ناتوانن بە تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ پیاوان لەو شوێنە گشتییانە وەرزش بکەن.
هەر بۆیە زۆربەیان حکومەت لە بایەخدان بە وەرزشی خانمان بە کەمتەرخەم دەزانن.

شەرمین سەردار:

**لە وڵاتی ئێمە وەرزشکردن تەنیا بۆ نێرینەیە و بەهەموو شێوەیەک دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنن، ئەم ئامێرە وەرزشییانەی پارکەکانیش هەر بۆ ئەوانە**

دونیا رواندزی:

**خوازیارین پارێزگاری هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خەمی وەرزشی ئافرەتیشدا بن و با لەو بوارەش هەر مەغدوور نەکرێ**

«من زیاتر سەر لە بەیانییان و شەوان دێم بۆ وەرزشکردن، ئەگەرچی هاتنم بۆ وەرزشکردن بێ گرفت نییە و هەمیشە پێویستیم بەوە هەیە کەسێك لە خێزانەکەم وەکو پاسەوان لەگەڵم بێت، بۆ ئەوەی لە تیروتوانجی پیاوەکان و لە تێڕوانینی خراپی کۆمەڵگە رزگارم بێت». ئەوە قسەی شەرمین سەرداری تەمەن ١٩ ساڵ بوو کە لە پارکی (شانەدەر)ی هەولێر خەریکی وەرزشکردن بوو. شەرمین جەخت لەوە دەکاتەوە کە حکومەت لە بایەخدان بە وەرزشی خانمان «کەمتەرخەم»ی دەکات و هەر لەو بارەیەوە گوتی: « لە وڵاتی ئێمە وەرزشکردن تەنیا بۆ نێرینەیە و بەهەموو شێوەیەك دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنن، ئەم ئامێرە وەرزشییانەی پارکەکانیش هەر بۆ ئەوانە، کچ ناوێرێ بە هۆی زۆری بوونی کوڕانی گەنج لەم شوێنانە وەرزش بکات، حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار هیچ بایەخ بە وەرزشی کچان نادەن، زۆریش کەمتەرخەمن لەوەی شوێنی تایبەت بە کچانیش بۆ وەرزشکردن دابین بکرێت»

رۆژنامەنووس دونیا رواندزی، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا دەتوانی بچیتە ناو پارکەکان و لەبەرچاوی پیاون بە ئازادی وەرزش بکەی؟ گوتی: «زۆر بەداخەوە ئەمە گرفتێکی گەورەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن و ئاوڕلێدانەوە هەیە، چونکە ئافرەتانی ئێمە بە تەواوی لەم لایەنە گرنگە بێبەشن و مافخوراون. من یەکێکم لەو ئافرەتانەی بەدەست زیادی کێش و قەڵەوی دەناڵێنم، بەڵام داخەکەم نەبوونی شوێنی وەرزشی تایبەت بە ئافرەتان هۆکاری زیاتر تەمبەڵی و داڕزانی لەش و لار و بێتاقەتیمانە، چونکە هەموو کەس ناتوانێ و بۆی ناکرێت روو لە یانە وەرزشییەکان بکات، لەکاتێکدا نێو پارکەکان پاك و خاوێنتر و جوانترە و هەوا پاکەکەی هێمنی و ئارامی بە دڵ و مێشکی مرۆڤ دەبەخشێت. بۆیە خوازیارین پارێزگاری هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە خەمی وەرزشی ئافرەتیشدا بن و با لەو بوارەش هەر مەغدوور نەکرێ»، گوتیشی: «پارێزگاری هەولێر دوو جێگری هەیە و هەر دوو جێگرەکەی پیاون، پێموایە ئەگەر یەکێك لە جێگرەکانی ئافرەت بووایە، بیری لەم گرفتە گەورە و دەیان گرفتی دیکەی ئێمەی ئافرەتان دەکردەوە، هەروەها تا ئێستا رووینەداوە بەڕێوەبەری پارکێك ئافرەت بێ، هەر ئەوانەشە وایکردووە هەست دەکەین بەرامبەر بە وەرزشی ئافرەتان کەمتەرخەمییەکی زۆر هەیە.»

د. ئیلهام عەزیز پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی، لە بارەی گرنگیی وەرزش بۆ ئافرەتان تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «ئافرەتان بۆ ئەوەی لەش و لارێکی رێك و جەستەیەکی تەندروستیان هەبێت، پێویستە گرنگییەکی زۆر بە وەرزشکردن بدەن، چونکە دەبێتە هۆی باش کارکردنی سیەکان و دڵ بەشێوەیەکی سروشتی و مانەوەی لەش و لار وەك خۆی و هەستکردن بە کەمبوونەوەی فشارە دەروونییەکان لە ژیاندا، هەستکردن بە لەشسووکی و لەشجوانی و گورجوگۆڵی. هەروەها بە بەردەوامی وەرزشکردن مرۆڤ دەپارێزێت لە پیربوون و هۆکارێکە بۆ بەهێزبوونی ئامێری بەرگری لەش. ئەنجامنەدانی وەرزشیش دەبێتە هۆی گیرانی بۆرییەکانی خوێن بە چەوری، ئەوەش دەبێتە هۆی روودانی جەڵتە. هەروەها لە کاتی دووگیانی ئافرەتاندا وەرزش سوودێکی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە بە چاودێری پزیشك بێت،

ئەگەر هاتوو هیچ رێگریەکی تەندروستی نەبوو، ئەوا بە درێژایی دووگیانبوونی وەرزشکردنی ئافرەت زۆر پێویستە کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی وزە، کەمکردنەوەی پێشت ئێشە، بەهێزکردنی ماسوولکەکانی پشت و ران، کەمکردنەوەی قەبزی، هەروەها یارمەتی ئەوە دەدات کە خەوێکی ئارام بە ئافرەتەکە ببەخشێت، یارمەتیدەرێکی باشیشە بۆ ئەوەی لە کاتی منداڵبوون بە ئاسانی منداڵەکە لەدایك بێت.»

دارا محەمەد ئەمین ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی و سەرۆکی رێکخراوی دۆستانی زەوی و وەزیری پێشووی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێم، رای وایە: «وەرزشکردنی ئافرەتان وەك هەر مافێکی دیکەی ئاسایی مافێکی رەوایە و لە رووی تەندروستیشەوە پێویستییەکی رۆژانەی مرۆڤەکانە»، گوتیشی: «ئەگەر وەکو نموونە سەیری وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین، دەبینین جێگەی تایبەت بە وەرزشکردنی ئافرەت تەرخانکراوە و مافی ئەوەیان پێدراوە کە ئایا بە تەنیا وەرزشدەکەن، یان تێکەڵ بە پیاوان دەبن بۆ وەرزشکردن، لە وڵاتی ئێمەشدا بەهۆی ئەوەی زۆربەی خەڵکەکەی موسڵمانە و دەستوور و داب و نەریتی ئێمە کەمتر رێگەی تێکەڵاوی ژن و پیاوی داوە، بۆیە من وەکو خۆم کردنەوەی شوێنی تایبەت بە وەرزشی ئافرەتان لە ناو گەڕەك و پارك و هۆڵە گشتییەکان بە پێویست دەزانم، بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن مومارەسەی ئارەزووە وەرزشییەکانیان بکەن، پێموایە کردنەوەی جێگەی تایبەت بەم بابەتە دەبێتە هاندانێك بۆ ئەو ئافرەتانەش کە تا ئێستا دەرفەتی وەرزشکردنیان نەبووە، یان وەرزشکردنیان بە پێویست نەزانیوە، لە کاتێکدا لە رووی پێکهاتەی جەستەیی و دەروونییەوە ئافرەت لە پیاو زیاتر پێویستی بە وەرزشکردن هەیە، لێرەوە دەکرێ رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان بەو ژمارە زۆرەیان کە هەیانە و کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسیشدا هەبێ، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو مافەیان تێبکۆشن و داواکارییەکانیان بەرز بکەنەوە بۆ وەزیری شارەوانی کە خۆشبەختانە ئەویش ئافرەتە، هەر ئافرەتیش دەتوانێ بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی بکاتەوە و هەوڵی بۆ بدات».

ئەندازیار لانە فەرهاد سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەرزشکردن بۆ ئافرەت نە عەیبە لە رووی کومەڵایەتییەوە،

نە گوناهە لە رووی ئایینەوە، بەڵام چۆن و لە کویێ و بە چ جۆرێك ئەنجام دەدرێت؟ بەداخەوە لە کوردستان جگە لە سەنتەر و یانە تایبەتییەکان نەبێت کە بەرامبەر بە پارەیە، جێگەیەکی تایبەت و شیاو لەناو پارك و شوێنە گشتییەکان بۆ ئافرەتان بوونی نییە، گرنگیی وەرزشیش لەوەدایە کە لە ئاو و هەوایەکی کراوەو سازگار ئەنجام بدرێت، بەڵام لە ئێستادا وەرزشکردن لە هەموو پارکە کراوەکان تەنیا بۆ پیاوان دەست دەدات و دەرفەتێکی وا بۆ وەرزشکردنی ئافرەت نییە. من وەك ئافرەتێك بۆ وەرزشکردن ئامادە نیم بچمە ئەو پارکانەی کە ژن و پیاو تێکەڵن، لەبەر ئەوەی دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان وا ناخوازێت. بەڵام بۆ بێبەش نەبوونی ئافرەت لە وەرزشکردن دەکرێ لایەنی پەیوەندیدار بیر لەوە بکاتەوە، کات بەسەر رەگەزەکاندا بۆ وەرزش لە ناو پارکەکان دابەش بکات، واتە ئەگەر بۆ چەند سەعاتێکیش بێت، ئامێرەکانی وەرزشی لە ناو پارکەکان بۆ ئافرەتان تەرخان بکرێت».

لە لای خۆیەوە ئەندازیار نزار عومەر بەڕێوەبەری ئەندازەی پارك و باخچەکان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «جگە لە پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان لە شاری هەولێر ٦٠ سێتی وەرزشی هەیە، کە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تاکو ٢٠١٤ دروستکراون، هەر سێتێك لە ٢٢ پارچە و ١١ جۆر پێکهاتووە، کە لە رێگەی تەندەرەوە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە لە پارك و باخچەکان دروستکراون، تێچووی هەر سێتێك ٢٠ تا ٣٠ ملیۆن دینارە»، گوتیشی: «من خۆم دانیشتووی گەڕەکی ئازادیم، دەبینم بەیانیان زوو لە نێوان کاتژمێر ٦ تا ٧ ئافرەتان دەچن بۆ وەرزشکردن و زیاتریش لەگەڵ کەسوکاریان دەچن، پێش ئەوەی پارکەکە قەرەباڵغ ببێ، کاتەکانی تریش زیاتر پیاوان دێن بۆ وەرزشکردن، هەرچەندە ئافرەتیش هەیە، ئێواران، یان شەوان دێت بۆ وەرزشکردن، بەڵام رێژەیان زۆر کەمە».

عوسمان حەمە زیاد بەڕێوەبەری راگەیاندنی پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان، باسی ئەوە دەکات بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٣ سێتی وەرزشی لەناو پارکی شەهید سامی دانراوە کە لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە دابینکراوە، لە ئێستاشدا ژمارەی سێتە وەرزشییەکانی ناو ئەم پارکە شەش سێتە واتا لە شەش شوێنی جیاواز ئامێرە وەرزشییەکان دانراون، هەروەها لەناو پارك تراکێکمان بە درێژایی ٣٢٠٠ مەتر هەیە». گوتیشی: «راستە تا ئێستا چوار بەڕێوەبەر گۆڕاون و ئافرەتان چانسی وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەریان نەبووە، بەڵام خۆشبەختانە سەرۆکی بەشی ژمێریاری ئافرەتە و رێژەی کارمەندانی ئافرەتیش لە رێژەی کارمەندە پیاوەکان زیاترە، سەبارەت بە بابەتی گۆڤارەکەتان بۆ بەهادان بە وەرزشی ئافرەتان لە شوێنە گشتییەکان، لە راستیدا ئێوە یەکەم کەسن باسی ئەو بابەتەتان کردووە و تاوەکو ئێستا کەسی تر باسی ئەوەی نەکردووە، سوپاسی خەمخۆریتان دەکەین، لە داهاتوویەکی نزیکدا بە بەرنامە و پلانی کارەکانی خۆماندا دەچینەوە و هەوڵدەدەین لانیکەم یەکێك لە سێتە وەرزشییەکان تایبەت بکەین بە ئافرەتان، یانیش کات بۆ وەرزشی ئافرەتان دابنێین، ئەوەش پێویستی بە رێکلام کردن هەیە و لە داهاتوودا ئیشی لەسەر دەکەین».

د. ئیلهام عەزیز:

**ئافرەتان بۆ ئەوەی لەش و لارێکی رێک و جەستەیەکی تەندروستیان هەبێت، پێویستە گرنگییەکی زۆر بە وەرزشکردن بدەن**

عوسمان حەمە زیاد:

**لە داهاتوویەکی نزیکدا بە بەرنامە و پلانی کارەکانی خۆماندا دەچینەوە و هەوڵدەدەین لانیکەم یەکێک لە سێتە وەرزشییەکان تایبەت بکەین بە ئافرەتان، یانیش کات بۆ وەرزشی ئافرەتان دابنێین**

